# نامەیەکی کورت وکراوە بۆ د. کەمال ... لەیلا مۆریاسی

کاتی خۆی هەزاران ڕۆڵەی گەلە کەمان یان لەبن ستەم و شەلاقی بەعسیەکاندا گیانیان لەدەستدا یان لەسێدارە ئەدران بەڵام ئامادە نەبوون بە تاکە وشەیەکش خۆیان بەپەشیمان بزانن، شەهیدانی نەمر لەیلا قاسم و هاوڕێکانی، یان شەهدانی نەمر شێخ شەهاب و هاوڕێکانی کە لەلایەن ڕژێمی تاوانباری بەعسەوە لەسێدارەدران نموونەی ئەو شەهیدە سەر بەرزانەن، ئەو شەهیدانە هەر گیز لەڕابردووی خۆیان پەشیمان نەبوون ئەگەر چی ئەشیانزانی گیانی شرینیان لەپێناویدا لەدەست ئەدەن بەڵام لەکردارو وتاری ڕابردویان پەشیمان نەبوون، ئەمە بەمەرجێک ئەوان دیلی بەعس بوون کەهەمووومان ئەزانین دڕەندەیی بەعسیەکان چۆن بوون. کەچی تۆی فسفس پاڵەوان لەلای حکومەتکی کوردی دەست بەسەر کراویت و لەژوورێکدا کەوەک وتێلێکی ڕازاوە بۆت ئامادە کراوەو بەبێ هیچ سزاو ترساندنێک کەچی چونکە ڕابردووی خۆت لەسەر بناغەیەکی بۆش هەڵچنیبوو دوور لە تێزی نووسین و دور لە یاسای کەلتووری کوردستان و دوور لە بەرژەوەندیە باڵاکانی کورد بیرئەکەیتەوە بۆیە هەردەم لە ڕابردووی خۆت ئەبێت پەشیمانبیت، من هەر زوو دەمزانی و هەستی ئەوەم دەکرد کەتۆ جگە لەفشە پاڵەوان هیچتر نیت، بەڵام باشبوو خۆشت بۆخۆت وهەمووئەوانەش کەوەک تۆ بیریان ئەکردەوە سەلماند کە ئێوە کێن؟؟!!.

جەناب کاتی خۆی ئەوەندە دەمت گەرم بوو، تەنانەت کە نامەکەت بۆسەرۆکی هەرێمی کوردستان نووسی، بەلوت بەرزیەکی واوە، کە خۆتت لێببووە پاڵەوان و وات دەزانی کە جنێو نووسین، وەک ئەوەی لەسەر کۆمپیۆتەر ئاسانەو ئازایەتی ناوێت، لەڕاستیدا و لەسەر زەوی ئامادەش هەروایە؟؟. بەڵام من دڵنیام تۆباشت دەزانی کە ئەوەندە ئازانیت کەکەوتیتە تەنگانەوە ئەوا دەستبجێ ئامادەی پاشگەز بوونەوەیت. بەڵام بەداخەوە خەڵك ڕاستی ئەو ماهیەتەی تۆیان نەدەزانی کە ڕاستیەکەی چۆنە؟؟. من کاتی خۆی بەزۆر کەسم گوت کە جنابت تەنها فوت تێکراوەو بە ئاسانی فش دەبیتەوە، کەچی هەرواش دەر چوو.

من پرسیارت لێدەکەم وە پێم باشە بۆ خوێنەرانیشی روون بکەیتەوە.. کەچۆن لە ڕووتهات؟؟ نامە بۆ بەرێز سەرۆکی هەرمی کوردستان بنووسیت و لێیی بپاڕێیتەوە تا بەر ببیت، لکاتکدا هێشتا مەرەکەبی ئەونامەیەت کاڵ نە بووەتەوە کەکاتی خۆی بۆ سەرۆکی هەرێمت نووسی بوو بەدەیان درۆو بووختانت بەدەمیەوەکرد.

وەک خۆت نووسیوتە منیش هیوادارم کە ئەم ترسەنۆکیەی تۆببێتە وانە بۆ هەموو ئەوانەی وەک تۆلەساتە وەختێکی دیاری کراودا فوولە خۆیان دەکەن وبۆدەستکەوتی کاتی و بەرژەوەندی تایبەتی دەکەونە بوختان دروستکردن ودرۆچنین.

تۆیەک کە بە نووسینەکانتدا زۆرکەس وایان دەزانی ئازایت، بەڵام سوپاس بۆخودا وا ماهییەتتدەرکەوت، وە ئاوابەو جۆرە پەشیمانیت بەدەستهێنا.
وە وەک خۆت وتووتە جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنێوان ئازادی ڕادەر بڕین ولەنێوان جنێونامە نووسین و درۆو بووختان درستکردندا. نوسەری ڕاستەقینەش کاتی خۆ هەر ئەوەی بەئێوە ئەوت بڵام ئێوە بەنووسەری دەربارو خۆفرۆشتان لە پنووسە هەڵەکانتان ئەدا.
دواتکام ئەوەیە، کە ئەگەر بەر بویت و هاتیتە دەرەوە () فرسەت نەبیت ودەست نەکەیتەوە بە درۆ دروستکردن، پاش ئەوەی لایەنێک پاسەوانت بۆ دادەنێت وئیتر واتێبگەیت کەئازادی ئەبێت هەمووشت بڵێیت. لەلای من ئازاد ئەو کەسەیە کەکاتی هەڵوێست نواندن هەڵوێست بنوێنێت، نەک لەسەر جادەی قیر. داهاتووش دەر دەخات کە ئاخۆ چۆن دەبیت..